وەزارەتی پلاندانان: ژمارەی هەژاری لە عێراق لە ماوەی ئەمسا‌دا دابەزینی بەخۆوە بینیوە



وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئەمڕۆ دوشەممە رایگەیاند، ژمارەی هەژاری لە عێراق لە ماوەی ئەمسا‌دا دابەزینی بەخۆوە بینیوە، یەكك لە هۆكارە سەرەكییەكانی كەمبونەوەی ڕێژەی هەژاریش، پشدانی موچەی تۆی پاراستنی كۆمەڵایەتیە بە هاوڵاتیان. عەبدولزەهرا هیندواوی وتەبێژی وەزارەتی پلاندانان رایگەیاند، ئەنجامی ڕاپرسی ئابوری و كۆمەڵایەتی بارودۆخی ژیان كە تایبەتە بە هەژاری، هەشتا دەرنەكەوتوە، چونكە قۆناغی یەكەمی ڕاپرسییەكە لە كۆتایی مانگی كانونی یەكەمی ئەمسا كۆتایی دێت، ئەمەش دوای شەش مانگ لە دەستپێكردنی ڕاپرسیەكە كە لە مانگی تەمموزی ساڵی ڕابردو، لە كاتێكدا قۆناغی دووەم لە سەرەتای ساڵی 2024 دەستپێدەكات و بۆ ماوەی شەش بەردەوام دەبێت.

ئاماژەی بەوەشكرد، چاوەڕوانییەكان ئاماژەن بۆ دابەزینی ژمارەی هەژاری لە بەرامبەر پاشخانی ئەو ڕووشونانەی لەلایەن حكومەتەوە گیراونەتەبەر، لەنۆیاندا تۆی پاراستنی كۆمەڵایەتی، كە بەشداریيەكی بەرچاوی كردوە لە پاپشتیكردنی دارایی چینە هەژارەكان لەڕگەی باشترکردنی داهات. ئەوەشیخستەڕو، جگە لە لایەنی ئاسایشی خراك، كە بە

بەردەوامی سەبەتەی خراك لەگەی فەمی خراکی مانگانەوە دابەشدەکرێت، کەرەستەی سەرەتایەکانی ژیانی رۆژانە بەتەواوی مسگەر کراون، هەموو ئەمانەش وایانکردوە، دڵخۆکی دڵنیایی بەکاربەر لەناو تاکەکان و بەتایبەت هەژاران دروست ببێت.